## نەجلا بەدر:

# دیمەنەکانی پێشتر دووبارە ناکەمەوە



نەجلا کە سەرەتا لە راگەیاندنەوە دەستی پێکردووە دەڵێ: من لە راگەیاندن دوور کەوتوومەتەوە بە هۆی نەبوونی بیرۆکەی نوێ و منیش لەو کەسانەم کە نامەوێ شتەکان دووبارە بکەمەوە، ئەوەی لە کۆلێژی راگەیاندن فێری بووم ناتوانم لە میسر جێبەجێی بکەم، راگەیاندن ئەرکی ئاراستە کردن و فێرکردنەوە و دەزگاکانی راگەیاندن پێویستە رۆڵیان هەبێت لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگا، چونکە ئەمە زۆر گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری جەماوەر، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە زیاتر بابەتی بازرگانی کات بەسەر بردنە لەسەر حیسابی میللەت بەتایبەتی ئەوانەی دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە.

دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ هەیفا وەهبی نەجلا و رۆڵە سەرنجڕاکێشەکان دەڵێ: هیچ جۆرە رکابەرییەك لە نێوان من و هەیفادا نییە، دیمەنەکانی ورژاندن پەیوەندییان بە جەستە و جلوبەرگەوە نییە، بەڵام من وەك رێزگرتنێك بۆ هاوسەرەکەم دوو جۆرە رۆڵ رەت دەکەمەوە ئەوانەیش دیمەنەکانی ماچ کردن و دەرکەوتن بە مایۆ، ئەمەش پەیوەندی بە وروووژاندنەوە نییە، چونکە پێشتر ئەو رۆڵانەم بینیوە، بەڵام هاوسەرەکەم تێبینی لەسەر ئەو رۆڵانە هەیە منیش ئێستا کەسێکم هاوسەرم هەیە و حەز لەم جۆرە کارانە ناکەم بەتایبەتی کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی دەژین

سەرکەوتن لە کاری هونەریدا بەتایبەتی ئەگەر



**زۆر جار لە نێو هونەرمەندە میسرییەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە زیاد لە پێویست فیلمەکانیان وروووژێنەرە و تەنانەت هێڵە سوورەکانیش دەبەزێنن، بۆیە زۆر جار رووبەڕووی رەخنەی توند دەبنەوە، نەجلا بەدر یەکێکە لەو کچە ئەکتەرانە کە رووبەڕووی هەمان رەخنە بۆتەوە، ئەو ئەکتەرێکی خاوەن توانایەکی زۆرە سەرەتا لە چەندین زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا بەشداری کردووە و لە گشت ئەو کارانەدا سەرکەوتوو بووە و ئەو سەرکەوتنانەش وایکردووە کە دەرگاکان لەبەردەمیدا کرانەوە بەتایبەتی لە کارە سینەماییەکاندا.**

نۆبەرەی کارەکان بێت هەستێکی تایبەت لای هونەرمەند درووست دەکات، لەم بارەوە نەجلا دەڵێ: زۆر خۆشحاڵم و هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو پێشوازی و کاردانەوەی جەماوە و سینەماکاران، چونکە دەرهێنەر داود عەبدولسەید دووبارە جیهانی رەخنەگران و وشەی زیندوو کردەوە و گەڕاندییەوە نێو گۆڕەپانی رەخنەی سینەمایی دوایی داکشانێکی زۆر لە جیهانی نووسین، سوپاس بۆ خوا یەکێك لە ئاواتەکانی ژیانم هاتە دی کە کار کردن بوو لەگەڵ فەیلەسووفی سینەمای میسری داود عەبدولسەید.

سەبارەت بەو دیمەنانەی کە زیاتر سەرنجی راکێشاون دەڵێ: دیمەنی (ماچ) و (مایۆ) و چوونە نێو دەریا لە زستانێکی ساردی ناوچەی (ئەبو قیر) لە دیمەنە زۆر زەحمەت و سەختەکان بوون، چونکە دەریای ئەو ناوچەیە زۆر خراپە، هەروەکا دیمەنی (ماچەکەش) ناخۆش بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا دەرهێنەر تەنیا بە یەکجار دیمەنەکەی تەواو کرد و پێی دووبارە نەکردینەوە، چونکە من زۆر دەترسام و دیمەنی کۆتاییش لەگەڵ نەخۆش کەوتنی خالد ئەبولنەجا بوو و ئەمە یەکەم دیمەن بوو کە وێنەمان گرت لە فیلمەکە، ئەوەی راستی بێت من زۆر شڵەژام و ترسێکی زۆریشم لە کارەکە هەبوو.

مامۆستا داود عەبدولسەید دەرهێنەرێکە کە لەسەر کاغەز کاری خۆی دەکات، سیناریۆش زۆر جیاوازە بۆیە بڕیارمدا کە سیناریۆی فیلمەکە لە ماڵی خۆم هەڵگرم، من پێشنیار دەکەم کە مۆزەخانەیەك بۆ سیناریۆکان گەورە دەرهێنەرە میسری و عەرەبەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی سینەما و ئەوانەی گرنگی بە جیهانی سینەما دەدەن بیانخوێنن و لێیانەوە فێر بن، چونکە سیناریۆکان چەندین ماددەی زانستییان تێدایە.

سەبارەت بە کارکردن لەگەڵ داود عەبدولسەید دەڵێ دەرهێنەرێکی هێمن و رۆشنبیر و خاوەن ئیقاعێکی جیاوازە، لە هەمان کاتدا خاوەن رەوشتێکی بەرزیشە و یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەرهێنەرە گەورەیە کە بە دەگمەن لە دەرهێنەرانی تردا دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ ئەوەیە کە غیرە لە تیمەکەی خۆی دەکات، چونکە لە کۆتاییدا وەك رۆح مامەڵە لەگەڵ ئەکتەردا دەکات نەك وەك ئامێر. من زۆر خۆشحاڵم بە جیهانی، چونکە یەکەم جارە دەچمە نێو ئەم جیهانە سیحراوییە، لە راستیدا ئەنەسی ئەبو سەیف ئەندازیاری دیکۆر و مامۆستا داود شارەزاییەکی زۆریان لە بواری سینەمادا هەیە و رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە گۆڕینی ئەو چێشتخانە سادەیە بۆ شوێنێکی وا جوان.

)قدرات غیر عادیە) یەکێکە لە فیلمە سەرکەوتووەکانی فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هیچ خەڵاتێکی بەدەست نەهێنا لەم بارەوە نەجلا دەڵێ: گرنگترین شت لای من ئەوەیە کە خەڵك فیلمەکەم ببینێت، لە راستیدا وەك رای کەسی خۆم زۆر حەزم دەکرد کە مامۆستا داود عەبدولسەید خەڵاتێك بە دەست بهێنێت، چونکە شایەنی خەڵاتە. من بیرم لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە کاری لەگەڵدا بکەم، زۆریش خۆشحاڵ بووم کە چوومە نێو جیهانی فەیلەسووفی سینەمای میسری، من حەز لە سینەمای داود دەکەم، و هەمیشە هەوڵمداوە کاری وا ئەنجام بدەم کە شانازییان پێوە بکەم، چونکە من رێز لە خودی خۆم و لە خەڵك دەگرم لە رێگای بەشداری کردنم لەو کارانەی کە بەهایەکی هونەری و مێژووییان هەیە.

سەبارەت بە رۆڵی لە زنجیرە درامای (رمچان کریم) نەجلا دەڵێ: ئەم زنجیرەیە باس لەلایەنی مرۆیی دەکات بەرامبەر بەو سەماکارانەی وازیان لە کارەکەیان هێناوە و لە ناوچە میللییەکان ژیان بەسەر دەبەن، چیرۆکی زنجیرەکە زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو، چونکە چیرۆکێکی راستەقینەیە، من رۆڵی سەماکارێك دەبینم، ئەمە بۆ من شتێکی نایاب بوو، چونکە یەکەم جارە لەو جیهانەدا بژیم.

**هەمیشە هەوڵمداوە کاری وا ئەنجام بدەم کە شانازییان پێوە بکەم، چونکە من رێز لە خودی خۆم و لە خەڵک دەگرم لە رێگای بەشداری کردنم لەو کارانەی کە بەهایەکی هونەری و مێژوویيان هەیە**



# شەنگە كەركوكی: عاشقی هونەرم

شـەنگە كچێكـی خـاوەن بەهـرە و توانایەكی زۆرە و لـە تەمەنێكـی زوودا هاتۆتە نێو بـواری نواندنەوە و تا ئێستا بەشـداری جیاجیـادا كردووە، بەم دواییـە لە بواری دەرهێنـان تواناكانی خـۆی تاقیكردەوە.

دەربـارەی كاری دەرهێنـان و هانـدەری لەو بوارە شـەنگە دەڵـێ: من بە خۆم ناڵێم دەرهێنەرم، بەڵام حەزیشـم هەبوو و ویسـتم شانسـێك بە خۆم بدەم لە بواری دەرهێنان، هەروەها سـیناریۆیەكی جوان هەبوو ویسـتم كاری لەسـەر بكەم، سـوپاس بۆ خوا كاری یەكەمم لە فیسـتیڤاڵی روانگە یەكێك بووم لە كاندیدەكانی وەرگرتنی خەڵاتـی یەكـەم لە نێو چەندین فیلمی بەشـدار بوو ئەمەش بۆ من دەسـتكەوت و جێگای شـانازییە. دایكم بەشـێوەیەكی سـەرەكی هانیـدام و هەمیشـە وزە بەخشـی ئێمـە بـووە، كاتێـك پێمگوت بە نیـازی كارێكی دەرهێنـان بـێ دوودڵـی گوتـی بیكـە و بڕوات بە خـۆت هەبێ، چونكە مـن دڵنیام سـەركەوتوو دەبی لە كارەكـە. كاتێك فیلمەكەشـم لە فیسـتیڤاڵی روانگە پاڵێورا بوو من باوەڕم نەدەكـرد، هەر ئەمـەش بووە هـۆكاری بـەردەوام بوون و گەڕان بـە دوای كاری نوێدا بگەڕێم.

دەربـارەی ئاواتەكانیشـی دەڵـێ: سـەرەتا بە كۆمبـارس هاتمە نێو بـواری هونەرەوە، ئاواتەكانـم زۆرن، بۆیـە هەمیشـە دەڵێم دەترسـم تەمەنـم ئەوەندە درێـژ نەبێت كە بتوانم گشـت ئاواتەكانم بهێمە دی، من عاشـقی هونەرم، و هەمیشـە هەوڵ دەدەم پـەرە بـە كارەكانـم بـدەم، زۆر جـار دەپرسـم بۆچی مـن تەنیا بە كـوردی رۆڵ ببینـم بـۆ لە كارێكـی عەرەبیـدا رۆڵم نەبێت

## لیمۆ هەورامی:

# هونەر ماندووبوون و خەرجی زۆری دەوێ





لیمـۆ هەورامـی یەكێكـە لە خاتوونـە گۆرانیبێژەكانی ناوچەی هەورامان كە ئێسـتا لـە تاراوگـە نیشـتەجێیە لە وڵاتی كەنەدا، ماوەی چەند سـاڵێكە دەسـتی بەكاری گۆرانیگوتـن كـردووە و خـاوەن ژمارەیـەك گۆرانییـە كـە بەشـێكیان بـە كلیپ بڵاوكردۆتەوە.

دەربـارەی خۆشەویسـتیی بۆ هونەر لیمۆ دەڵێ: وەك باسـم كرد هـەر لە منداڵییەوە ئـارەزووی گۆرانـی وتنم هەبـوو زۆریش هەوڵمدا، بەڵام ئاسـتەنگەكانی ژیان زۆر لـە مـن گەورەتـر بوون، سـەرەڕای ئەوەش كۆڵـم نەدا و لـە هەوڵەكانم بـەردەوام بووم و دەسـتم بـە كاری هونـەری كرد، هەرچەنـدە دركم بەوە دەكرد كـە ئاسـتەنگەكانی بەردەمم زۆرن لـە رووی مـاددی و مەعنەوییـەوە، چونكـە تەنیا پەیدا كردنـی بژێوی ژیان لە غەریبیدا كارێكی سـەختە بەتایبەتـی بـۆ ئافرەتـان، چونكە هونـەر ماندووبوون و خەرجـی زۆری دەوێ، بۆ نموونە بـۆ تۆمار كردنی تەنیـا كلیپێك پێویسـتە بچم بـۆ ئەوروپا یان بێم بۆ كوردسـتان، لە كاتی بڵاوكردنەوەی كلیپەكەش كەسـێك نـەك قازانـج بەڵكو پـارەی كلیپەكەشـت بۆ ناگەڕێننـەوە تەنانە رەنگە كلیپەكەشـت پەخـش نەكەن، بەڵام خۆشەویسـتیم بـۆ هونـەر وام لێدەكات تـا ئەو كاتەی هێز لە لەشـمدا هەبێت و بتوانم ئەوا بـەردەوام دەبم.

سـەبارەت بـە بوونـی ئافـرەت لـە نێـو هونەرمەندانـی دەڤـەری هەورامان لیمـۆ دەڵـێ: هەرچەندە من هەورامیـم، بـەڵام بـە زاراوەكانی تریش گۆرانیـم وتووە وتـووە بەتایبەتی،زۆر جـار هەورامییەكان داوام لێدەكـەن تەنیـا بـە زاراوەی هەورامـی گۆرانی بڵێم.

# شیرلین شوپرا هاوسۆزی خۆی دەربڕی



بەر لە چەند رۆژێك دامەزرێنەری گۆڤاری (پلای بۆی) کۆچی دوایی کرد ئەمەش بوە مایەی نیگەرانی بەشێکی زۆر لە ئەستێرەکانی سینەما و مۆسیقا و مۆدێلەکان و هاوخەمی خۆیان لەو بوارەوە دەربڕیوە، چونکە زۆریان لە رێگای ئەو گۆڤارەوە ناوبانگیان دەرکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی رازی بوون وێنەی رووتیان بڵاوبکرێتەوە. تا ئێستا ئەستێرەکانی بۆلیۆد زۆر بە دەگمەن وێنەکانیان لەسەر بەرگ و لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بڵاوبوونەتەوە، شیرلین شۆپرا تاکە ئافرەت و ئەکتەری هیندییە کە تا ئێستا لەسەر بەرگی گۆڤارەکە وێنەی بڵاوکراوەتەوە، بۆیە دوای کۆچی دوایی دامەزرێنەری گۆڤارەکە شیرلین هاوخەمی و هاوسۆزی خۆی دەرەبڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینستاگرام و تویتەر و ستایشی خۆی بۆ ئەم پیاوە دەربڕی.

شیرلین دەربارەی دامەزرێنەری پلای بووی نووسیویەتی: پیاوێکی چاونەترس بوو، سەرکردایەتی جۆرێك لە ژیانی کرد کە پڕ بوو لە جورئەت، ئیمبراتۆرییەتێکی دامەزراند کە دژی عەقیدە و ئەو بەهایانە بوو کە کەسانێك دایان نابوو بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆمەڵگا.

شیرلین هەروەها نووسیویەتی: بۆ من ئەزموونی وێنەگرتن لەسەر بەرگی ئەم گۆڤارە وەك پشوویەك وابوو کە پێشتر کرێی درابو ئەمەش وایکردووە ببێتە ئەزموونێك لە ژیانم کە بە ئاسانی ناتوانم لە بیری بکەم.

## سیزارا مونتانا:

# لە ئەوروپا جەماوەری سینەما و شانۆ وەک یەکە

لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا سینەما و شانۆ گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، بۆیە ساڵانە چەندین ئەکتەری گەنج پێدەگەن و زۆریان سنووری وڵاتەکانیان دەبڕن و لە هۆڵیود و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا رۆڵیان پێدەدرێت، سیزارا مۆنتایا یەکێکە لەو کچانەی کە لە بواری شانۆدا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە و بۆتە یەکێک لەو ئەکتەرانەی کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن تەنانەت ناوبانگی سنووری وڵاتی رۆمانیای تێپەڕاندووە و تا ئێستا لە چەندین کاری هاوبەشدا بەشداری کردووە لە فەرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکە، هەرچەندە ناوبانگی زیاتر لە بواری شانۆ بووە، بەڵاملە بواری سینەماش رۆڵی پیشکەش کراوە.



سیزارا پێیوایە پێویستە هونەر دەربڕی خواست و وێستەکانی میللەت بێت بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەورووپا و لەو بوارەوە دەڵێ: بە حوکمی ئەوەی من لە رۆژهەڵاتی ئەورووپام هەست بەوە دەکەم کە هونەر لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا ئاوێتەیەکی جوان و کامڵە و جوانی و تایبەتمەندییە باشەکان، لە هەمان کاتدا ئەو کێشە و گرفتانەش دەخاتە روو کە لەو وڵاتانەدا هەن، من تووشی سەرسوڕمان دەبم لە کاتی بینینی فیلمی ئەو وڵاتانە ئاشنای کەلتوور و مێژوو و توانای هەر یەکێک لەو وڵاتانە دەبم، چونکە هەریەکیان چیرۆکێکی تایبەتیان کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە.

سەبارەت بە رکابەرێتی نێوان سینەمای ئەورووپی و هۆڵیوۆد و ئایا ئەورووپا تا چەند دەتوانێت لەو بوارەوە سەرکەوتوو دەبێت دەڵێ: زۆر زەحمەتە بتوانین رکابەرێتی بکەن، چونکە سینەمای هەر وڵاتێکی تایبەتمەندی و چیرۆکی خۆی هەیە کە پێویستە لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت، هەر یەکمان ئەزموونی خۆی هەیە کە لە فیلمەکاندا دەیبینین و پێویستە لێی فێر بین، چونکە رەنگدانەوەی ژیانی ئەوانە، رکابەرێتی لای من زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەر میللەتێک بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت.

سەبارەت بە سەرکەوتنی سینەمای رۆژئاوایی دەڵێ: رکابەرێتی زۆر گرنگ نییە، فیلم هۆکارێکە بۆ گەیاندنی وزە و هەستەکان، ئەگەر خەڵک هەستی بەوە کرد کە لەم چیرۆکەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمەش مانایەکی سەرەکی فیلمە ئەوا فیلمەکە سەرکەوتوو دەبێت، سەرەڕای ئەمەش لە رێگای ئەم فیلمەوە بتوانرێت شتێک لە جیهان بگۆڕێت و وایان لێبکات بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵسوکەوت بکەن لە نێو کۆمەڵگادا ئەو کات دەتوانین بلێین ئەم فیلمە سەرکەوتوو بووە.

بە شێوەیەکی گشتی من هیچ جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوانیاندا نابینم، بەڵکو تەنیا ئامرازی گواستنەوە و گێڕانەوەی چیرۆکەکەیان جیاوازیی هەیە، هەروەها رەنگە هەموو پێداویستییەکان وەک یەک بەردەست نەبێت بۆ ئەوەی مەبەستت وەکو پێویست بگەیەنیت، جیاوازی هەیە لە چەندایەتی ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکرێن و ئەو شوێنانەی تێیدا نمایش دەکرێن، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر چوونی جەماوەر بۆ هۆڵەکانی سینەما، چونکە هەر کەسێک حەز لە جۆرە فیلمێک دەکات.

سیزارا پێیوایە کە بینەری شانۆ و سینەما جیاوازییەکی زۆریان نییە و هەریەکیان جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە و لەم بوارەوە دەڵێ: لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا بە گشتی خەڵک حەز بە هەردووکیان دەکات، من پێموایە ناکرێ بەراورد لە نێوان شانۆ و سینەما بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوانیان، ئەوەی حەز بە کاری هونەری بکات، هەریەکیان تام و چێژی تایبەتی خۆی بۆی دەبێت و لێی تێدەگات.

بە بۆچوونی تایبەتی خۆم هونەر لە دێرزەمانەوە کاریگەریی خۆی هەبووە ئێستاش ئەو کاریگەرییەی هەیە و لە داهاتووشدا دەمینێت، لەلایەکی دیکەوە هونەرئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی بۆ ئەویتر و رازی کردنی جەماوەر ئەگەر ئەم دووە بە یەکەوە بەدی هاتن ئەوا ئامانجی خۆت دەپێکی لە بواری هونەردا.

سەبارەت بە سینەمای رۆژهەڵاتی و سینەمای کوردی دەڵێ: زانیاری وردم نییە لەسەر سینەمای کوردی وەک پێویست نییە، بەڵام ئەوەی دەربارەی هونەری کوردی بیستوومە مایەی دڵخۆشییە بۆ من، من سەرسامم بەوەی کە کورد توانیویەتی تا رادەیەک جیهان لە کەلتوور و مێژووی خۆی ئاگادار بکاتەوە ئەمەش کارێکی گرنگ و پێویستە، هیوادارم ئەو کاتەم هەبێت کە بتوانم زیاتر لە هونەر و سینەمای کورد قوڵ ببمەوە و ئاشنای بم، من حەز دەکەم سینەمای گەلان زیاتر بە رووی جیهاندا کراوە بێت و پیشەسازی سینەما بکرێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی زیاتری گەلان و نزیک کردنەوەیان، بەڵام من دڵینام سینەمای کوردی لەسەر رێگای راست هەنگاوی ناوە و پێویستە بەردەوام بێت.